# بەڵگەکانی نادرووستی مامەڵەکانی

## (تەسویقی شەبەکی و هەرەمی)بەتایبەتی هەردوو کۆمپانیای کیونێت و فۆرئێڤەر و هاوشێوەکانی..

ئەنجومەنی باڵای فەتوا؛ دوای تاوتوێ کردنی ئەم بابەتە، بۆی دەرکەوت کە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم جۆرە کۆمپانیایانە حەرامە، بەم بەڵگانەی خوارەوە:

١- سەردەکێشێ بۆ ریبای فەزل و ریبای نەسیئە، لەبەرئەوەی ئەو کاڵایەی کە دەیکریت نرخەکەی زۆر زیاترە لە نرخە راستەقینەکەی خۆی، بۆنمونە گەر بیەوێت کاتژمێرێك بکرێت، کە نرخەکەی ٢٠ وەرەقە بێت لەلای ئەوان؛ لە بازار ٢ وەرەقەدەکات، واتە ئەو ١٨ وەرەقەیەی تر، کە دەیدات بەرامبەر ئەوەیە لە داهاتوو پارە لە کۆمپانیا وەربگرێت، (والعبرة فی العقود للمقاصد والمعانی لا للألفاظ والمباني). کەوابێت ئەوپارەیە، لایەکیان بە حازرە ئەوی تریشیان بەقەرز، ئەوەش ریبای نەسیئەیە، لەعەینی کاتدا هەردوو نرخی کە دەیدات و وەریدەگرێت لە داهاتوهەرگیزوەك یەك دەرناچن، ئەوەش ریبای فەزڵە، مەعلومیشەکە ریبا بەبەڵگەی قەتعی حەرامە. قال تعالی:{وَأَحَلَّ اللّهُ الْبَيْعَ وَحَرَّمَ الرِّبَا}، سورة البقرة:٢٧٥.

٢- ئەو جۆرە مامەڵانە؛ ناڕونی و (غەرەری) تێدا هەیە، کە پێغەمبەری خودا (درودی خوای لەسەر بێت) نەهی لێکردووە، هەروەکو لە صەحیحی موسلیم هاتووە، لەبەرئەوەی بەشداربوو نازانێت ئایا سەرکەوتوو دەبێت بۆهێنانی ئەو ژمارەی کە پێویستە بەرێگای ئەوبێت یاخود نا!؟ هەروەها هەرچەندە بەردەوام بێت ئەو لقەیە دەبێت کاتێك بێت کە بوەستێت، جا بەشداربوو نازانێ ئەوکاتەی کە بەشداری دەکات ئایا دەچێتە چینی سەرو، بۆئەوەی سوودمەند بێت، یاخود لەلای خوارەوە دەمێنێتەوە کە لە زەرەمەندانن، لە واقیعیشدا زۆربەی زۆری ئەوانەی لەناو ئەو تۆرەن چینی خوارەوەن، کەئەوەش حەقیقەتی غەرەرە، جگە لەوەی غەرەر لە خودی کاڵایەکەش هەیە، چونکە کۆمپانیایەکە بانگەشەی ئەوە دەکات، کە کاڵایەکەیان مارکەیە، بێ ئەوەی هیچ بەڵگەیەکی سەلمێنەر هەبێ، لەسەر ئەم بانگەشەیە بە گشتی.

٣- ئەم مامەڵانە؛ دەچمە خانەی خواردنی ماڵی خەڵك بەناحەق، لەلایەن ئەو کەسانەی لەسەرەوەن، بێ ئەوەی داڕشتە (ضوابت)ەکانی قازانجکردنیان لێ بێتە

دی، کە سێ شتە: یان پارە، یان کار، یان گەرەنتی (الضمان). ئاشکراشە خواردنی ماڵی خەڵك حەرامە، هەروەکو خوای گەورە دەفەرمووێ: { يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لا تَأْكُلُوا أَمْوَالَكُمْ بَيْنَكُمْ بِالْبَاطِلِ}. سورة النساء: ٢٩.

٤- ئەم مامەڵانە؛ درۆ و تەدلیس و غەشی تێدایە، چونکە کاتێك بەشداربوو دەیەوێت بەشداربووی تازە رابکێشێت؛ زۆر مەدحی ناشایستەی کاڵایەکە دەکات لەلایەك، لەلایەکی تریش بانگەشەی ئاسانی راکێشانی خەڵك دەکات، کە گوایە سودێکی زۆری بەردەکەوێت، کە لەراستیدا وانییە، لای گشت لایەك مەعلومە درۆ و غەشیش لەبازنەی حەڕام دایە.

٥- ئەم مامەڵانە؛ جۆرێك لە قومارکردنی تێدایە، چونکە بەشداربوو ماڵێکی زۆر دەدات؛ بەرێگای کڕینی کاڵایەکە، کە نرخەکەی ئەوەندە نییە، وەك باسمان کرد، بەڵام بەئومێدی ئەوەی لەداهاتوو پارەی زۆرتر بەدەست بخا، لەرێگای راکێشانی خەڵك بۆ ناو ئەوکۆمپانیایە. ئەمەش روون نییە کە دەستی دەکەوێت یاخود نا، وە ئەگەری زەرەری هەیە، ئەمەش جۆرێکە لە جۆرەکانی قومار و قوماریش بەدەقی فەرمایشتی خوای پەروەردگار حەرامە، کە دەفەرمووێت: { يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنَّمَا الْخَمْرُ وَالْمَيْسِرُ وَالأَنْصَابُ وَالأَزْلامُ رِجْسٌ مِنْ عَمَلِ الشَّيْطَانِ فَاجْتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ}. سورة المائده: ٩٠.

٦- گرێبەستی بەشداربوو لەکۆمپانیا؛ مەرجی کڕینی کاڵای لەنێودایە و پێغەمبەری خوا (درودی خوای لێبێت) نەهیکردووە لەفرۆشتنی بەمەرج، یاخود بەستنەوەی گرێبەستێك بە گرێبەستێکی تر.

٧- لەشەریعەتی ئیسلامدا، هەر گرێبەستێکی حەلال؛ مەبەستی خۆی هەیە، هەرکاتێك لەمەبەستەکەی دەرچوو، ئەوا ناشەرعی دەبێت، لەم گرێبەستەش مەبەستی کریار؛ کرینی کاڵایەکە نییە، بەڵکو دەستخستنی قازانجە لەسەر حیسابی خەڵکێکی دیکە.

٨- لەرووی ئابورییەوە؛ ئەو مامەڵانە زیانی گەورە بە ئابوری هەرێم دەگەیەنێت، چونکە بەردەوام پارەی وڵات بەرەو دەرەوە دەبردرێت، بەرامبەر

بەدەستهێنانی چەن کاڵایەکی زۆرگرانبەها، لەهەمان کاتیشدا بێ سود بۆ کۆمەڵگا، بەتایبەتی بۆ چینی هەژاران.

٩- دوورخستنەوەی دەیان هاوڵاتی لە پسپۆری تایبەتی خۆیان و مەشغول کردنیان بەبابەتێك، کە لە واقیعدا هیچ سودێك بەکۆمەڵگا ناگەیەنێت و لە ئەنجامدا ئەو سەروەتە مرۆییە لەدەستدەدەین، بە خەریککردنیان بەبازرگانییەکی بێ سود، کە بەداخەوە گەنجانیش قوربانی یەکەمی بەفیرۆچوونی سەروەتی مرۆیی ئەم مەملەکەتەن.

١٠- زۆرجار وادەبێت کێشە و فیتنە دروست دەبێت لەنێوان ئەوکەسانەی کەناتوانن خەڵك رابکێشن بۆ ناو کۆمپانیا، تاوەکو سودمەند ببن لەگەڵ ئەوانەی بەرێگای ئەوانەوە هاتوون، کەپێشتر کارەکەیان بۆ ڕازاندرابوویەوە و لەراستیشدا وادەرنەچوو، دیارە دروستکردنی کێشە و ئاژاوەش لەبازنەی نارەواییەتییە لە ئیسلامدا، بەڵگەی ئەم خاڵەش؛ هەڵاتنی کۆمپانیاگەلی لەم شێوەیە، لە زۆرێك لە وڵاتان، لەوکاتەی کە لەخوارەوە چیتر خەڵك نامێنێت.

١١- خەلەل لەم سیستەمەدا ئەوەیە، کە توانای بەردەوامبوونی نییە، دەبێت هەر بوەستێت و بگاتە کۆتایی، ئەو کاتەی کە وەستاش چینەکانی خوارەوە زەرەمەند دەبن و چینەکانی سەرەوەش قازانج دەکەن، شایەنی باسیشە؛ کە چینەکانی خوارەوە رێژەیان زۆر زیاترە لە چینەکانی سەرەوە، ئەوەش واتای ئەوەیە، کە زۆرینە زەرەرمەند دەبێ بۆ قازانجی کەمینە، هەربۆیەش ئەم بەرنامەگەلە لە راستیدا (تەدلیس و تەغریر و فرۆشتنی وەهمە)، لە بەرژەوەندی کەمینەی خاوەن کۆمپانیا، کە ئەمەش روونە، وە خواردنی ماڵی خەڵکە بەناحەق.

١٢- مەبەست لە مامەڵەکەدا؛ وەرگرتنی پارەی زۆرە لە داهاتوودا، نەك کرینی بابەتی فرۆشراو، کەواتە ئەم بابەت و کاڵایانەی کۆمپانیا عەرزی دەکات بۆ فرۆشتن، تەنها پەردەیەکە بۆ گەیشتن بە مەبەستە ئەساسیەکە (کە عمولات و قازانجە).

١٣- سەردەکێشێ بۆ تەمبەڵی و پشت بەستان بە غەیری خۆت، کە ئەمەش لە قەدەغەکراوەکانی شەرعە.

١٤- ئەم مامەڵانە؛ دەبنە هۆی کرینی شتێك بە نرخی زۆر لە خۆی زیاتر، یاخود پارەدان بێ بەرامبەر لە سەرەتاوە، لە جیاتی بەشداری کردن، ئەمەش قەدەغەیە بە پێی قاعیدەی شەرعی، کە دەڵێت: (ما أدى الى الحرام حرام).

لەکۆتاییدا دەڵێین: مەقسەد لەشەریعەتی خودا؛ هێنانەدی هەرشتێکە، کە لەبەرژەوەندی و مەسڵەحەتی خەڵك و خاك و وڵات بێت، و لابردنی زیانیش لەسەریان بەهەمان شێوە، ئاشکراشە کەئەم کۆمپانیایانە گشت ئەو زیانانەی تێدایە، کە ئاماژەمان پێکرد.

گومان و رەتدانەوە:

هەندێك کەس، کە دەڵێن ئەم مامەڵەیە لە بازنەی حەلال دایە، چونکە دەکەوێتە خانەی (سمسرة)، یاخود وەکالە بە ئەجر، یاخود (جعالة)، یاخود ئەسڵ لە مامەڵە حەلال بوونە..

بۆ رەتدانەوەی ئەو گومانانە، دەڵێین:

بۆمان ڕوون بووەوە، کە ئەو گرێبەستانە ناچنە بازنەی (سمسرة) و دەلالی، چونکە دەلال پارە وەردەگرێت بەرامبەر ئیشەکەی خۆی، مەرجی کرینی شتیشی لەسەر دانانرێت، بە پێچەوانەی ئەم مامەڵانە، هەروەها لە دەلالی مەبەست کرینی کاڵایە لەحەقیقەتدا، بە پێچەوانەی ئەم کۆمپانیایانە، کە مەبەست لێی راکێشانی خەڵکە.

هەروەها بۆمان ڕوون بووەوە، کە ناچنە ناو بازنەی وەکالەی بەئەجر، چونکە وەکیل لە گرێبەستی وەکالە پارەنادات، تا ببێ بە وەکیل، بەڵکو پارە وەردەگرێت بەرامبەر بە ئیشەکەی، هەروەها بەپێچەوانەی ئەوەی لەم گرێبەستەدا هەیە.

هەروەها ڕوون بووەوە، ناچنە بازنەی (جعالة)ش چونکە لە گرێبەستی (جعالة) مەرجی کڕینی لەنێودا نییە.

لەسەر ئەوەی، کە ئەسل لەمامەڵە دروستبوونە؛ ئەوە بەومەرجەیە، کە ئەو مامەڵەیە شتی حەرامی تێنەکەوێت، کەچی ئەم مامەڵەیە کۆمەڵە شتێکی تێکەوتووە؛ لە ریبا و قومار و غەرەر و خواردنی ماڵی خەڵك بەناحەق و هتد.. ئەمانەش بەڵگەگەلێکن، کە کافیین بۆ دەرکردنی ئەم مامەڵەیە لەبازنەی ئەو قاعیدەیە.

ئەنجومەنی باڵای فەتوا لە کوردستان

DXN

کيفية المعاملة:

ڕازیکردنی کەسێك بەکڕینی کاڵایەك، بە مەرجێك ئەم کەسەش دوو کەسی دیکە ڕازی بکات، کە ئەوانیش بێن لەم کۆمپانیایە کاڵا بکڕن، تا چینی بەشداربووان زیاتر بێت؛ کڕیاری یەکەم عمولەی زیاتر وەدەست دەهێنێت، هەر بەشداربوویەکیش کەسانی دوای خۆی ڕازی دەکات بە بەشداریکردن لەبەرامبەر عمولەیەکی گەورە، کە لەوانەیە بتوانێ ئەو عمولە گەورەیە وەدەست بهێنێت، ئەگەر سەرکەوتووبوو لە ڕاکێشانی کەسانی دیکە.. ئەم شێوازەش پێی دەگوترێت: بازاڕکردنی هەڕەمی، یان شەبەکی.

حوکمی شەرع:

ئەم جۆرە مامەڵانە حەرامن، لەبەرئەوەی مەبەست لە مامەڵەکە خودی عمولاتەکەیە نەك (منتجەکە)، عمولاتەکە دەگاتە هەزاران دۆلار، لە کاتێکدا کە نرخی (منتج)ەکە لە چەند سەد دۆلارێك تێپەڕ ناکات؛ هەر کەسێك لەسەر ئەم دوو شتە (عمولات) و (منتج)ەکە سەرپشك بکرێت، بەدڵنیاییەوە (عمولات) هەڵدەبژێرێت؛ هەر لەبەر ئەوەشە، کە پشت بەستنی ئەم کۆمپانیایە لە بازاڕکردندا و بانگەشەکردن بۆ (منتوجات)ەکانیان، تەنها بە زەقکردنەوەی قەبارەی عمولاتە گەورەکانە، کە لەوانەیە بەشداربوو وەدەستی بهێنێت، پاشان چەواشکردنی بە قازانجی گەورە لەبەرامبەر بڕێکی کەم، کە نرخی (منتج)ەکە.

ئەو (منتج)ەی کە ئەم کۆمپانیایە تەسویقی دەکات؛ تەنها کەناڵێکە بۆ گەیشتن بە (عمولات) و قازانج.

لەکاتێکدا کە ئەمە ڕاستی ئەم مامەڵەیە، دەتوانین بڵێین: لەبەر ئەم خاڵانە حەڕامە:

یەکەم: هەردوو جۆری (ربا) و (سوو)ی تێدایە؛ (ربا الفضل) و (ربا النسيئة)ی تێدایە، بەشداربوو بڕێکی کەم دەدات؛ لە پێناوی گەیشتن بە بڕێکی زۆر، ئەمەش پێدانی دراوە بە دراو، لەگەڵ بوونی زیادە و دواکەوتن؛ ئەمەش بە دەقی قوڕئان و سوننەت و کۆدەنگی زانایان (اجماع) حەڕامە، ئەو (منتج)ەش کە کۆمپانیا دەیفرۆشی؛ لەسەر کرێکارەکە، تەنها بیانوێکە بۆ گۆرینەوە، کە هیچ کات مەبەستی بەشداربوو نیە.

دووەم: ئەم مامەڵەیە (غرر)ی تێدایە، چونکە بەشداربوو نازانێت ئایان سەرکەوتوو دەبێت لە ڕاکێشانی ژمارەی پێویست، یان نا!

لەکاتێکدا بازاڕکردنی (شبکي) و (هرمي) هەرچەند بەردەوام بێت؛ پێویستە کۆتایی پێ بێت و لە خاڵێکدا بوەستێت، بەشداربووش لەکتی پەیوەندیکردنی بە کۆمپانیاوە؛ نازانێت کە ئایان لە کەسانی چینی سەرەوە دەبێت تا کەسێکی قازانجکاربێت، ین لە چینەکانی خوارەوە دەبێت، کە زەرەرمەند دەبێت!

ئاشکراشە زۆربەی ئەندامان و بەشداربوونی هەرەمەکە زەرەرمەندن، تەنها کەسانێکی کەم نەبێت، کە لەسەرەوە قازانج دەکەن، ئەمەش ڕاستییێتی غەرەرە، کە بریتیە لە: (التردد بين أمرين؛ أغلبهما أخوفهما)، کە پێغەمبەری خۆشەویست –صلى الله عليه وسلم- قەدەغەی کردووە: (نهى النبي عن الغرر)، رواه مسلم.

سێیەم: ئەوەی کە لەم مامەڵەیەدا بەرچاودەکەوێت؛ خواردنی ماڵی خەڵکە بە ناحەق و باطڵ، کە جگە لە کۆمپانیا؛ هیچ کەسێك سوود لەم گرێبەستە وەرناگرێت، خوای میهرەبانیش دەفەرموێت: (يا أيها الذين امنوا لا تأكلوا أموالكم بينكم بالباطل..) النساء/٢٩.

چوارەم: ئەم مامەڵەیە؛ غەش و چەواشەکاری و فێڵی تێدایە، لە ڕوویەکەوە وا نیشاندەدرێت کە (منتج) مەبەستە لە مامەڵەکەدا، بەڵام لە راستیدا وانیە، لە ڕوویەکی دیکەوە بە (عمولات)ی گەورە چەواشەدەکرێت، کە زۆر جار نایەتەدی، ئەمەش ئەو غەشەیە کە حەڕامکراوە: (من غش فليس مني)، رواه مسلم.

یاخود پێغەمبەری خۆشەویست –صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: (البيعان بالخيار ما لم يتفرقا، فان صدقا وبينا؛ بورك لهما في بيعهما، وان كذبا وكتما؛ محقت بركة بيعهما)، متفق عليه.

- زۆرجار وا نیشاندەدرێت، کە ئەم مامەڵەیە وەکو دەلاڵی وایە، کە ئەمەش ڕاست نیە، چونکە دەلاڵی گرێبەستێکە کە کەسی دەلاڵ بە هۆیەوە دەگاتە پاداشتێك لەکاتی فرۆشتنی کاڵاکەدا، بەڵام لە تەسویقی شەبەکیدا؛ بەشداربوو کرێ دەدات بۆ تەسویقی (منتج) و مەبەست لە دەلاڵیدا بە بازاڕکردنی کاڵاکەیە بە ڕاست و دروستی، بەڵام لە تەسویقی شەبەکیدا؛ تەنها تاکە مەبەست، تەسویقی (عمولات)ە نەك (منتج)ەکە، هەر لەبەر ئەوەیە بەشداربوو؛ تەسویق بۆ ئەو کەسە دەکا کە تەسویق بۆ کەسێکی دیکە دەکا، ئەویش بۆ یەکێکی تر، بەڵام لە دەلاڵیدا؛ کەسی دەلاڵ، بازاڕ بۆ کەسێك دەکا، کە بەڕاستی کاڵای دەوێ.